هەرێمی کوردستان - عێراق | Kurdistan Regional Government | إقليم كوردستان - العراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | Council of Ministers | رئاسة مجلس الوزراء
سەرۆکایەتی دیوان | | رئاسة الديوان
فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکان | | دائرة متابعة المشاريع


ژمـــارە : ٩٥٠٩ No :

ڕێکەوت : ٨ / ٢٧ ی کوردی ٢٧١٣/ Date: ٢٠١٣/٩/٣٠

**بۆ/ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان**

ب/ کۆنووسی لیژنە

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (١٥٥٨) لە ٢٠١٣/٤/١ و فەرمانمان ژمارە ٣٩١٩ لە ٢٠١٣/٤/٢٩ بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە هۆکاری دواکەوتن و کەمتەرخەمی لە جێ بە جێ کردنی پرۆژەی (دروستکردنی ١٥٠خانوو بۆ کەس وکاری ئەنفالکراوان لە بالیسان).

کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ جێ بە جێ کردنی تەواوی ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان کە لە کۆنووسی لیژنەکەدا هاتووە لە بەر ڕۆشنایی یاسا و ڕێنماییەکان و ئاگادارمان بکەنەوە سەبارەت بە جێ بە جێ کردنی.

لەگەڵ ڕێزدا....

**هاوپێچ:**

کۆنووسی لیژنەی ئاماژە پێکراو.

**نێچیرڤان احمد عبدالله**
**سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران**
**(بەوەکالەت)**

وێنەیەك بۆ/
- ✓ فەرمانگەی یاسایی/بۆ ئاگاداریتان/لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکان/لەگەڵ بەراییەکان.
- ✓ سەرۆکی لیژنە (فرنسیس یعقوب فرنسیس)/بۆ ئاگاداریتان/لەگەڵ ڕێزدا.


Kurdistan Region - Erbil
Phone : +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون : ٢٢٢٠٢١٠ - ٢٢٣٠٢٤٧ - ٢٢٣٠٢٤٨ (٠٦٦) ٩٦٤+

هەرێمی کوردستان ـ عێراق | إقليم كوردستان ـ العراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | رئاسة مجلس الوزراء

سەرۆکایەتی دیوان | رئاسة الديوان

فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکان | دائرة متابعة المشاريع

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

ژمارە: ٣٩١٩ — No:

ڕێکەوت: ٩ / گوڵان / ٢٧١٣ ی کوردی — Date: ٢٠١٣/٤/٢٩

# فەرمان

ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان ژمارە ١٥٥٨ لە ٢٠١٣/٤/١

بڕیارماندا بە پێک هێنانی لیژنەیەک لەم بەڕێزانەی خوارەوە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە هۆکاری دواکەوتن و کەمتەرخەمی لە جێبەجێ کردنی پرۆژەی (دروستکردنی ١٥٠ خانوو بۆ کەس و کاری ئەنفال کراوەکان لە بالیسان) کە ئەنجام دەدرێت لە لایەن کۆمپانیای قەندیل و دەست نیشان کردنی کەم و کوڕیەکان و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر لایەنی کەمتەرخەم و سزادانیان و پشکەشکردنی ڕاپۆرتی چارەسەرە پلان بە مەبەستی لادانی کەم کوڕیەکان بۆ سەرخستنی پرۆژەکە.

| ز | ناوی سیانی | ناونیشان | پلە | شوێن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فرنسیس یعقوب فرنسیس | ڕاوێژکار بە پلەی بریکاری وەزارەت | سەرۆکی لیژنە | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران /ف.بەدواداچوون |
| ٢ | کمال رؤوف معروف | ئەندازیاری شارەزا | ئەندام | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران /ف.بەدواداچوون |
| ٣ | سەرکەوت عبدالامیر | ئەندازیاری شارستانی | ئەندام | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران /ف.بەدواداچوون |
| ٤ | علی خالد حمدامین | س.ئەندازیارانی پێشکەوتوو/ ئەندازیاری کارەبا | ئەندام | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران /ف.بەدواداچوون |
| ٥ | ڕازی ملا برایم | ڕاوێژکاری یاسایی | ئەندام | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران /ف.یاسایی |

نیچیرڤان أحمد عبداللە
سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران
(بە وەکالەت)

**وێنەیەک بۆ:**

- ✓ وەزارەتی پلان دانان/بۆ ئاگاداریتان/لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان/ نووسراوتان ژمارە ١٥٥٨ لە ٢٠١٣/٤/١/بۆ ئاگاداریتان/لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون/ بۆ ئاگاداریتان/لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ فەرمانگەی پلان دانان/ بۆ ئاگاداریتان/لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ فەرمانگەی یاسایی/ بۆ ئاگاداریتان/لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکان

# ( کۆنووس )

ئاماژە بە فەرمانی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە( 3919 ) لە بەرواری ( 2013/04/29 ) ، سەبارەت بە پێك هێنانی لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری دواکەوتن و کەمتەرخەمی لە جێبەجێ کردنی پرۆژەی ( دروست کردنی 150 خانوو بۆ کەس و کاری ئەنفال کراوەکان لە بالیسان ) کە لایەن کۆمپانیای ( قەندیل ) ئەنجام دەدرێت و دەست نیشان کردنی کەم و کورپیەکان.

سەرۆك و ئەندامانی لیژنە لە ڕێکەوتی ( 2013/5/27 ) سەردانی پێگەی پرۆژەی ناوبراوی کرد بە مەبەستی وەستان لەسەر هۆکارەکانی دواکەوتن و دەست نیشان کردنی کەم و کورپیەکان و کۆبوونەوەی سازدرا لەگەڵ نوێنەری کۆمپانیای قەندیل و لیژنەی سەرپەرشتیاری ئێستای پرۆژەکە و تاوتوێی کێشەکان کرا بە ووردی ،دواتر بەدواداچوونی برگەکانی پرۆژەکە کرا بۆ بینینی چۆنیەتی ئەنجام دانی کارەکان.

بە هۆی زۆری ژمارەی خانووەکان لیژنەکە دووبارە سەردانی پێگەی پرۆژەی کرد لە ڕێکەوتی ( 2013/05/28 ) بۆ هەمان مەبەست .

ئەوەی شایەنی باسە نوێنەری کۆمپانیای جێبەجێکار ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هەڵسان بە تەواو کردنی کارەکان و چاککردنەوەی کەم و کورپیەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی سەرپەرشتیار.

- لە ڕێکەوتی ( 2013/05/30 ) بانگهێشتی ئەندازیارانی لیژنەی سەرپەرشتیاری پێشوو ( 1- ئەندازیار دلێر أسعد عمر 2-ئەندازیار بنار جوهر عزیز 3- هەڵکەوت اینس شاکر ) کرا بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵیان دەربارەی هۆکاری کەم و کورپیەکان و دواکەوتنی پرۆژەکە و گوێگرتن لە گیروگرفتەکان و پاساویان بۆ کێشەکان .
- لە ڕێکەوتی ( 2013/06/2 ) بانگهێشتی بەڕێوەبەری پلان دانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان ( صبریە نادر علی ) کرا سەبارەت بە کەم وکورپیەکانی پرۆژە و بە

ئامادەبوونی (ئەندازیار دلێر أسعد عمر) (سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتیاری پێشوو) کە لە کاتی ئەو زۆربەی کارەکان ئە نجام دراون .

- لە ڕێکەوتی (2013/06/9) کۆبوونەوە سازدرا لەگەڵ ئەندازیاری میکانیک (سەنگەر قاسم عزت) سەبارەت بەکەم و کوریەکانی سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆی خانووەکان.
- لە ڕێکەوتی (2013/06/9) کۆبوونەوە سازدرا لەگەڵ ژمێریاری پلان (کاروان مصطفی یابە) سەبارەت بە چۆنیەتی خەرج کردنی پێشینەکان بۆ کۆمپانیای جێبەجێکار.
- لە ڕێکەوتی (2013/06/11) سەرۆك و ئەندامانی لیژنە سەردانی پرۆژەمان کرد بە مەبەستی وەستان لە سەر شێوەی ئە نجامدانی کارەکان و چاککردنەوەی کەم وکوریەکان دوای بەلێنی نوێنەری کۆمپانیای قەندیل ، تێبینی کرا کۆمپانیا بەردەوامە لە چاککردنەوەی کەم و کوریەکان .
- دواجار لە ڕێکەوتی (2013/06/26) سەرۆك و ئەندامانی لیژنە سەردانی پرۆژەمان کرد وە تێبینیمان کرد کەوا ئە نجامدانی کارەکان بە سستی بەڕێوەدەچێت .

لیژنەکەمان دوای سەردانەکان و کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیداری پرۆژەکە ئەم خاڵانەی خوارەوەی دەستنیشان کرد :-

<u>یەکەم :- کەم و کوریەکانی کاری شارستانی و ئاو و ئاوەڕۆ</u>

1. دەرگای دار و ئاسنی دابینکراو بۆ ژوورەوەی خانووەکان جۆری خراپ بوون بە پێچەوانەی بڕگەی ژمارە(21) لە دەرخستەی بنەرەتی کە ئاماژە دەکات بە دانانی دەرگای ئاسن و داری جۆری زۆر باش .
2. دانان وچەسپاندنی بەشێك لە دەرگاکان و پە نجەرەکان بە شێوەیەکی لار (خوار) لە ناو دیوارەکان .
3. بڕگەی (ازارەی کاشی) لە بەشێك لە خانووەکان بەشێوەیەك ئە نجام درابوون دوور لە ئاکاری ئەندازەیی.

4. کەلێنی نێوان خانووەکان بە گشتی کێشەی دزەکردنی ئاوی هەبوو بۆ ناو ژوورەکان بەهۆی چارەسەرنەکردنی کەلێنەکان لەسەر بان .
5. بانی بەشێك لە خانووەکان ئاوەدزە دەکات بۆ ناو ژوورەکان لەبەر خراپی جۆری کۆنکریت کردنی بانەکان.
6. بڕگەی کاری لەبغ کردنی بەشێك لە خانووەکان بە خراپی ئەنجام درابوون و دوور لە ئاکارە ئەندازەییەکان.
7. بڕگەی کاری سپی کاری بەشێك لە خانووەکان بە خراپی ئەنجام درابوون و دوور لە ئاکارە ئەندازەییەکان.
8. تێبینی کرا زۆربەی دیواری خانووەکان دەرزی بردبوو لە شوێنی نێوان لنتلی سەر دەرگاکان و دیواری تەنیشتی .
9. تێبینی کرا بەرزی شوێنی چوونە ژوورەوە بۆ ئاودەست و حەمامەکان کەم بوو وە بە پێی ئاکارە ئەندازەییەکان نەبوو ، بە هۆی نزمی ئاستی پەیژە لەم شوێنە.
10. تێبینی کرا بە بوونی بۆشایی لە ئەنجامدانی بڕگەی قرمیدی سەر پێچەی رووی پێشەوەی خانووەکان.
11. تێبینی کرا ژمارەی مانهۆڵەکانی ئاوەڕۆ بە پێی پێویست ئەنجام نەدرابوو.
12. لە بڕگەی راکێشانی ئاوی پاك بۆری ثیرمۆ ( حراری ) بەکار نەهاتووە بۆ ئاوی گەرم
13. بۆریەکانی ئاوی بردنەسەر و هاتنە خوارەوە( صاعد ونازل ) جۆری پلاستك بەکارهاتووە بەلام دەبوایە جۆری ( ئاسنی گلڤانایز ) بێت.
14. سەبارەت بە ئاوی پاك و قورس تێستی ( فحصی ) گراڤیتی بۆ هیچ لە خانووەکان نەکراوە لە کاتی خۆی.

## دووەم :- کەم وکوری کارەکانی کارەبا

1. لە دەرخستەی بنەرەتیدا بە هیچ شێوەیەك ئاکاری کارەبایی دانەنراوە بە کەرەستەکانی کارەبا.
2. بۆردی سەرەکی کە پێوەری کارەبای لەناو دادەنرێت دەبوایە لەناو دیوار دا بێت کەچی بە دیوار چەسپێنراوە.
3. لە هەندێك خانوو بۆری کارەبا بەناو باخچەدا دەڕوات .
4. لە هەندێك شوێن لە خانووەکان پانکە بە بورغی و چیوە لە بنمێچی کۆنکریتی بان چەسپێنراوە .
5. لە هەندێك شوێن بۆڕیەکانی کارەبا شکاون و بە تێپی کارەبا بەستراونەتەوە.

## سێیەم :- کەموکوڕیەکانی دارایی

بە پێی دەرخستەی بنەڕەتی گۆژمەی پرۆژەکە ( 5,272,500,000 ) پێنج ملیار و دووسەد و حەفتا و دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینارە ، وە گۆژمەی گۆرانکاری پرۆژەکە بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە ( 1498 ) لە ( 2013/03/28 ) ( 344,310,000 ) سێ سەد وچل و چوار ملیۆن و سێ سەد و دە هەزار دینار.

گۆژمەی گشتی پرۆژەکە دەکاتە ( 5,616,810,000 ) پێنج ملیار و شەش سەد و شازدە ملیۆن و هەشت سەد و دە هەزار دینار .

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ئەم خالانەی خوارەوەن :-

1. بە پێی گرێبەستی پرۆژەکە پێویستە ( 5٪ ) لە کۆی گۆژمەی گشتی ببردرێت وەك بارمتە ( تأمینات ) بۆ پرۆژەکە کە دەکاتە ( 280,840,500 ) دوو سەد و هەشتا ملیۆن و هەشت سەد و چل هەزار و پێنج سەد دینار .کەچی تاکو ئێستا تەنها بڕی ( 75,942,000 ) حەفتا و

پێنج ملیۆن و نۆ سەد و چل و دوو هەزار دینار بردراوە بە پێی یاداشتی ژمێریاری پلان (کاروان مصطفى یابە) لە بەرواری (2013/03/19).

2. ماوەی پرۆژەکە بە (پێی گرێبەست و ماوەی زیادکی) لە بەرواری (2013/04/13) تەواو دەبێت و کۆمپانیای جێبەجێکار دەکەوێتە ژێر باری سزای دواکەوتن.

3. دەستەبەری بانک (خطاب ضمان) لە (2013/01/31) کۆتایی پێ هاتووە وە تاکو ئێستا نوێ نەکراوەتەوە، کە ئەمەش پێچەوانەی یاسایە.

4. خەرج کردنی پێشینە بۆ بەڵێندەر بە رێژەی زیاتر لە بری کارە ئەنجامدراوەکان. کە ئەمەش پێچەوانەی یاسایە.

## چواردەم :- هۆکارەکانی دواکەوتن و کەم و کوریەکان

1. کەمتەرخەمی کۆمپانیای جێبەجێکار لە دابین کردنی ستافی کارا و شارەزا و بە توانا بۆ ئەنجامدانی برگەکانی پرۆژەکە ولاوازی بەڵێندەر لە بەرێوەبردنی لایەنی کارگێری و هونەری پرۆژەکە.

2. کارنەکردنی کۆمپانیا بە پێی ئاکارە ئەندازەییەکان و خۆ دزینەوە لە ئەنجامدانی کارەکان بە پێی گرێبەست و دەرخستەی بنەرەتی و نەخشەکان.

3. نەبوونی خشتەی بەرەو پێش چوونی کارەکان (جدول تقدم العمل) وە بەرنامە و پلانی تۆکمە بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی سەرپەرشتیار.

4. دابین کردنی و چەسپاندنی کەرەستەی خراپ لە لایەن کۆمپانیای جێبەجێکارەوە بەرامبەر بێدەنگی لیژنەی سەرپەرشتیاری پێشوو.

5. کەمتەرخەمی ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتیاری پێشوو (بەتایبەتی سەرۆکی لیژنە) لە هەڵسان بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و ئامادەنەبوونیان بە بەردەوامی لە پێگەی پرۆژە.

6. بوونی کێشەی کارگێری و هەماهەنگی لە نێوان ئەندامانی لێژنەی سەرپەرشتیار سەبارەت بە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان، و کەم ئەزموونی ئەندازیارەکان لە بواری جێبەجێکردنی پرۆژەی هاوشێوە.

7. خەرج کردنی پێشینیەکان بە شێوەیەکی نایاسایی لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە ئەمەش بەهۆی نەبڕینی بارمتە (تأمينات) بە پێی گرێبەست و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی بۆ کاری شارستانی بە هەردوو بەشی یەکەم و دووەم.

8. پابەند نەبوونی لێژنەی سەرپەرشتیاری پێشوو لەگەڵ بەڵێندەر بە تێبینیەکان و ڕێنماییەکانی هەردوو لێژنەی بەدواداچوونی پرۆژەکانی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوان بۆ چارەسەرکردنی کەم و کوڕیەکانی پرۆژەکە.

## ڕاسپاردەکان

لەسەر رۆشنایی ئەم خاڵانەی کە لە سەرەوە دا هاتووە لێژنە بڕیاریدا بە :-

- نووسراوی هۆشداری ئاراستەی کۆمپانیای جێبەجێکار بکرێت بۆ چارەسەر کردنی هەموو کەم و کورپەکان کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، بە پێی ئاکارە ئەندازەییەکان وە ڕێنمایی لێژنەی سەرپەرشتیاری ئێستا و دەرخستەی بنەرەتی و نەخشەکان. بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بگیرێتە بەر بەرامبەر بەڵێندەر و کۆمپانیای (قەندیل) بخرێتە لیستی ڕەش بۆ ماوەی دوو ساڵ.
- پێویستە سزای دابەزینی پلە (تنزيل الدرجه) بە پێی یاسای بەرزەفت کردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت (قانون انضباط موظفی الدولة رقم (14) لسنة 1991) ئاراستەی سەرۆکی لێژنەی سەرپەرشتیاری پێشوو ئەندازیار (دلێر أسعد عمر) بکرێت ، بەهۆی کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی وە ئەنجام نەدانی کارەکانی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك .

- پێویستە سزای سەرزەنشت ( عقوبە التوبيخ ) بە پێی یاسای بەرزەفت کردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت ( قانون انضباط موظفی الدولة رقم ( 14 ) لسنة 1991 ) ئاراستەی بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی ( بەختیار فرج سعید ) بکرێت وە گواستنەوەی لە شوێنی خۆی بەهۆی کەمتەرخەمی لە بەڕێوەبردنی کاری کارگێری و دارایی تایبەت بە پرۆژەکە .

- پێویستە سزای دابەزینی پلە ( تنزیل الدرجە ) بە پێی یاسای بەرزەفت کردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت ( قانون انضباط موظفی الدولة رقم ( 14 ) لسنة 1991 ) و گواستنەوەی لە شوێنی خۆی . ئاراستەی بەڕێوەبەری ژمێریاری ( محسن عزیز خضر ) بکرێت بەهۆی کەمتەرخەمی لە ئەنجامدانی کارەکانی و ئەنجام نەدانی بەدواداچوونی پێویست بە کاری دارایی و گرێبەست

- پێویستە سزای دابەزینی پلە ( تنزیل الدرجە ) بە پێی یاسای بەرزەفت کردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت ( قانون انضباط موظفی الدولة رقم ( 14 ) لسنة 1991 ) ئاراستەی هەریەك لە ئەم فەرمانبەرانەی خوارەوە بکرێت :-
- ژمێریاری پلان ( کاروان مصطفی بابە ) .
- ووردبین ( مظهر عمر حاجی ) .
- ووردبین ( دیلان عبدالرزاق رشید ) .

بەهۆی پابەند نەبوونیان بە ڕێنمایی دارایی تایبەت بە پرۆژەکان لە مەرجە گشتیەکانی بەلێندەرایەتی ( شروط المقاولە لاعمال الهندسە المدنیە ) بە هەردوو بەشەکانیەوە سەبارەت بە :-

1 ) برینی ڕێژەی ( 5% ) گۆژمەی گشتی پرۆژەکە وەك بارمتە ( تامینات ) .

2 ) پشت گوێی خستنی نوێکردنەوەی دەستەبەری بانك ( خطاب ضمان ) .

3 ) خەرج کردنی پێشینە بۆ بەلێندەر بە ڕێژەی زیاتر لە بڕی کارە ئەنجامدراوەکان .

## پێشنیارەکان

بۆ چارەسەر کردنی کەم و کوڕیەکان و سەرخستنی پرۆژەکە ، بە پێویستمان زانی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە ئەنجام بدرێن :-

- دانانی پلانێکی تۆکمە لە لایەن کۆمپانیای جێبەجێکار بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی سەرپەرشتیار بۆ چارەسەرکردنی کەم و کوڕیەکان بە پێی ئاکارە ئەندازەییەکان .
- لابردنی کەرەستەی خراپی بەکارهاتوو لە ئەنجامدانی پرۆژەکە وە گۆڕینی کەرەستە بۆ جۆری باش و بەپێی ڕێنمایی و ڕەزامەندی لیژنەی سەرپەرشتیاری ئێستا وە بە گوێرەی دەرخستەی بنەرەتی و نەخشەکان.
- وەرگرتنی بەڵێننامە لە کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکە بە تەواو کردنی گشت بڕگەکانی پرۆژە و کەم و کوڕیەکان لە ماوەیەکی دیاری کراو (لە دوومانگ زیاتر نەبێت) ،بە پێچەوانەوە ریکاری یاسایی بگیرێتە بەر بە گوێرەی ماددەی (65) لە مەرجە گشتیەکانی بەڵێندەرایەتی (شروط المقاوله لاعمال الهندسه المدنیه ) بە هەردوو بەشەکانیەوە .

((کۆنووس کۆتایی پێ هات)).

ئەندام
ئەندازیاری شارستانی
سەرکەوت عبدالامیر حنا

ئەندام
ئەندازیاری کارەبا
علی خالد حمدأمین

ئەندام
ئەندازیاری شارەزا
کمال ڕؤوف معروف

ئەندام
ڕاوێژکاری یاسایی
رازی ملا برایم

سەرۆکی لیژنە
ڕاوێژکار بە پلەی بریکاری وەزارەت
فرنسیس یعقوب فرنسیس
٢٠١٢/٧/١٧